# وەزارەتی شەرمەزاریی هەولێر

**بۆ:    بەڕێز جەنابی وەزیری شەرمەزارییەکانی ناوخۆی هەولێر**

**بابەت:  نامەی بێزاریی ، ناڕەزایی و نەفرەت**

**مێژوو:  11-8-2005**

(بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە) ، لـە وڵاتانی پەنابەرییەوە ، هەواڵـی بڕیارە قەرەقوشییەکانی ئەم دواییانەتان ئەبیستین! وەستاندنی کوردستان تی ڤی ، زمانحاڵـی حیزبەکەتان! بۆ بیست و چوار کاژێر لـەبەر خاتری ڕیشی چڵکنی ئیسلامە نێربازە هاوڕێکانتان و دەستگیرکردنی ئاکۆ محەمەدی کوردپەروەر و تێکۆشەر و هاوڕێیانی ، نیشانەی (ئیفلاس) بوونتانە و گڵۆڵـەتان کەوتووەتە لـێژیی!

دیارە یان جەنابتان ئاگاتان لـە حکومەت ، حیزبەکەتان و سەرکردەکانتان نیە! یان ئەوان ئاگایان لـە جەنابتان و جەماوەری گەلـەکەیان نیە! خۆ ئەگەر وا نیە! چۆن جەنابتان ئەتوانن تێلـێڤیزیۆنی حیزبەکەتان دابخەن؟ کە جەنابتان ، لـە هەموو ئەندامانی کابینەکەتان باشتر ئەزانن کە ئەوە کاری وەزیری بەناو ڕۆشنبیرییەکەی هەولـێرە ئەو کارە بکات نەك جەنابتان!

دیارە یان سەرکردەکانتان سەیری زمانحاڵـەکەیان ناکەن ، یان ئەم کارانەی جەنابتان ئەیکەن ، بە ڕەزامەندیی ئەوانە!

گومانم لـەوە هەیە کە جەنابتان دڵسۆز بن بۆ حیزبەکەتان! بەڵام ئەگەر دڵسۆزن بۆ گەل و نیشتمانەکەتان! ئەوا ئەبێت شەرمەزارییەکی زۆر دەرببڕن و سەری لـوتی خۆتان ڕەشبکەن و ڕوو بکەنەوە سوید ، یان وڵاتانی پەنابەریی! بەوەش خزمەتێکی گەورە ئەکەن ، بێزاریی ، ناڕەزایی و نەفرەتی جەماوەرەکەش کەمتر ئەکەنەوە بەرامبەر بە خۆتان و حیزبەکەشتان!

دواجار هیوادارم کە هۆشتان بهێننەوە بەر خۆتان و بە ویستی خۆتان لـە کۆڵـی ئەو وەزارەتەی هەولـێر ببنەوە ، پێش ئەوەی بکەونە بەر تف و نەفرەتی جەماوەری هۆشیار و چاوکراوەی ئەمڕۆی گەلـەکەتان! کوردوتەنی ، ئێستاش نەچووە بچێت! کە:

بێ مەرج و هەر ئێستا ئاکۆ محەمەدی کوردپەروەر و هاوڕێیانی ئازاد بکەن و داوای لـێبوردنیان لـێبکەن.

داوای لـێبوردن لـە کەسوکاری شەهیدانی تەقینەوەکانی هەولـێر بکەن.

داوای لـێبوردن لـە کەسوکاری ئەو شەهیدانە بکەن کە هاوڕێکانتان لـە شێخ و مەلاکان پێش کوشتنیان دەستدرێژیی ناموسیشیان لـێکردوون.

داوای لـێبوردن لـەو منالّ ، کوڕ ، کچ و هەرزەکارانە بکەن کە هاوڕێ ئیسلامە بەدڕەوشتەکانتان کەم و زۆر دەستدرێژییان لـێکردوون.

داوای لـێبوردن لـە کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن ، بەتایبەتیی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی (میدیا)ی کورد و کوردستانپەروەر و تێکۆشەر.

**هاووڵاتیی: نەوزاد وەلی**